# کاریگەری میدیای نوێ لەسەر پێکهێنانی ڕایگشتی لە نێو مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی

توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە توێژینەوەی ماستەرنامە لە بواری ڕاگەیاندن

سامان فریق حمەکریم
قوتابی ماستەر لە بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێجی
زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
saman.hamakarim@uoh.edu.iq

**پ. ی.د. ڕۆزە حەمەوەیس حەمەمیرزا**
**مامۆستا لە بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی**
**زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی**
roza.merza@univsul.edu.iq

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:** ٢٠٢٥/٤/٢٧ **ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٦/٢٥**

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر پێکهاتنی ڕایگشتی لای مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی دواکەوتنی مووچە بە نموونە) هەوڵێکە بۆ زانین و دەرخستنی کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر پێکهاتنی ڕایگشتی لای مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی بە تایبەت لە پرسی دواکەوتنی مووچە. لە ڕووی گرنگییەوە توێژینەوەکە بایەخی دەبێت بۆ زانستی ڕاگەیاندن.

ئامانجی توێژینەوەکەش بریتییە لە خستنەڕووی کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر پرسی دواکەوتنی مووچە و بەردەوامی بایکۆت لای مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی، هەروەها دەستنیشانکردنی جۆری ئەو میدیایەی کە کاریگەریی هەیە لە پێکهاتنی ڕایگشتی.

توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە و بۆ ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی پشتی بە میتۆدی ڕووپێوی و ئامرازی ڕاپێوینامە (فۆڕمی ڕاپرسی) بەستووە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی. سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییەلە (404) مامۆستا کە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە وەرگیراون بۆ ئەوەی هەموو مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی هەلی ئەوەیان هەبێت ببن بە سامپڵی توێژینەوەکە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە ئەمانەن: ئامرازەکانی میدیای نوێ بەگشتی و پلاتفۆڕمی فەیسبووك بە تایبەتی هۆکارن لە پێکهاتنی ڕایگشتی مامۆستایان سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە. زۆرینەی مامۆستایان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی پەیامەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ و پێیانوایە ئەو ئامرازانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر بریاری درێژەدان بە بایکۆتی خوێندن لە شاری سلێمانی لە ماوەی ساڵانی (2015 - 2025). زۆرینەی بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەم توێژینەوەیەدا لە ڕەگەزی (مێ)ن بەڵام لەگەڵئەوەشدا بەگوێرەی تاقیکردنەوەی ویلکۆکسۆن بەرکەوتنی مامۆستایانی نێر بە ئامرازەکانی میدیای نوێ زیاترە بە بەراورد بە مامۆستایانی مێ.

کلیلە وشەکان: میدیای نوێ، ڕایگشتی، مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی، دواکەوتنی مووچە

**پێشەکی**

ئامرازەکانی میدیای نوێ کە خۆی لە (ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی و پێگە هەواڵییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (فەیسبووك، تویتەر(X)، ئینستاگرام، یوتیوب، سناپچات، تێلیگرام، تیکتۆك و واتسئاپ)دا دەبینێتەوە لە ئێستادا بووەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە و هەر تاکێک ڕۆژانە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک پەیوەستە بە کارهێنانی ئەو ئامرازانەوە، ئەوەش بۆ گرنگی و کاریگەریی ئەو ئامرازانە دەگەڕێتەوە. هەربۆیە لە ئێستادا ئامرازەکانی میدیای نوێ بە بەهێزترین ئامرازی پێکهاتنی ڕایگشتی دادەنرێت، کە کاریگەریی بەرچاوی لە گۆڕانکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوورییەکاندا هەیە. لەبەرئەوە توێژینەوە لەسەر (کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر پێکهاتنی ڕایگشتی لای مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی دواکەوتنی مووچە بە نموونە) گرنگی خۆی هەیە بەتایبەت لەم دۆخەدا کە دواکەوتنی مووچە بووەتە پرسێکی گرنگ و ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستان بە کەمی لە وادەی خۆیدا مووچە دابەشدەکرێت.

بۆیە توێژەر توێژینەوەکەی بەسەر سێ بەشدا دابەشکردووە و فۆرمی ڕاپێویی و چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی. بەشی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی توێژینەوەکە و تێیدا (کێشە، گرنگی، ئامانج، کۆمەڵگە و سامپڵ، ڕێباز و ڕێکار و ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە، ڕاستی و جێگیریی، توێژینەوەکانی پێشوو، گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو، لەگەڵ دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان) خراوەتەڕوو. هەرچی بەشی دووەمە تایبەتە بە لایەنی تیۆری و تێیدا (ناساندنی میدیای نوێ، مێژووی گەشەسەندنی میدیایی نوێ، جۆرە جیاوازەکانی میدیای نوێ، ئەرکەکانی میدیای نوێ، لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی میدیای نوێ، لەگەڵ ناساندنی ڕایگشتی، جۆرەکانی ڕایگشتی، پێکهێنانی ڕایگشتی، لایەنە پێکهێنەرەکانی ڕایگشتی، میدیای نوێ وەک یەکێک لە پێکهێنەرەکانی پێکهێنانی ڕایگشتی، ناساندن لەسەر هەریەک لە مامۆستایان و بابەتی دواکەتنی مووچە) خراونەتەڕوو. بەشی سێیەم تایبەتە بە بەشی کردەیی توێژینەوەکە و توێژەر ئەنجامەکانی خستووەتەڕوو لەگەڵ ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە**

**کێشەی توێژینەوەکە**:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە و هۆکاری ئەنجامدانی بریتییە لە نادیاری و نەزانراوی کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر پێکهاتنی ڕایگشتی لەلای مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە. توێژینەوەکە لەڕێگەی کۆکردنەوەی داتای کاری مەیدانی و سەرچاوە زانستییەکانەوە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1_ تا چەند ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی بۆچوونی مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی هەبووە سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە؟

2_ جۆری ئەو میدیایەی کە زۆرترین کاریگەری هەبووە لە بەردەوامی بایکۆت و پێکهاتنی ڕایگشتی لای مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی کامەیە؟

3_ لەڕێگەی کام ژانری ڕۆژنامەوانییەوە کاریگەریی زیاتر خراوەتە سەر مامۆستایان لە پرسی دواکەوتنی مووچە؟

sjh@univsul.edu.iq

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ هەریەك لە بوارەکانی کۆمەڵ و زانست و کاری ڕۆژنامەوانییە. لەڕێگەی ئەنجامەکانەوە، کاریگەریی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەسەر پێکهاتنی ڕایگشتی سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە لای مامۆستیانی پەروەردەی سلێمانی دەخاتەڕوو. بەوەش وەرگران ئاشنا دەکات بەو کاریگەرییانەی کە ئەو ئامرازانە هەیانە لەسەر گۆڕینی بۆچوون و هەڵوێستی مامۆستایان و دروستبوونی ڕایگشتی سەبارەت بە پرسی مووچە. لەڕووی گرنگی زانستی و پسپۆڕێتییەوە، دەبێتە سەرچاوەی زانستی بۆ هەردوو بواری توێژینەوەی زانستی و کاری ڕۆژنامەوانی. لە لایەنی کرداریشەوە بەسوود دەبێت بۆ گەشەپێدانی کاری ڕۆژنامەوانی و پشتبەستنی زیاتر  بە توێژینەوە زانستییەکانی ڕاگەیاندن.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك ئامانجی لەخۆگرتووە:

1_ زانین و دەرخستنی کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر ڕەفتاری مامۆستایان لە کاتی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و بەردەوامیدان بە بایکۆت.

2_ دەستنیشانکردنی جۆری ئەو ئامرازانەی کاریگەرییان هەیە لە پێکهاتنی ڕایگشتی لای مامۆستایان.

3_ دەرخستنی ئاستی متمانەی مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی بەو زانیاریانەی تایبەتن بە دواکەوتنی موچە کە لەڕێگەی جۆرە جیاوازەکانی میدیایی نوێوە بڵاو دەکرێنەوە.

4_ دیاریکردنی ئەو ژانرانەی لەڕێگەیەوە کاریگەریی پێ دەخرێتە سەر مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی.

**جۆر و میتۆدی توێژینەوە**

جۆری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە، ئامانجی وەسفکردن و شیکردنەوەی دیاردەکان و پۆلێنکردنی داتا و ژمارە و ئامارەکانە. پشتی بە فۆڕمی ڕاپێویی بەستووە و لەڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیاوە دابەشکراوە بەسەر بەرتوێژاندا.

**کەرەستەکانی توێژینەوەکە**

گرنگترین ئەو کەرەستانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون بریتین لە:

**ڕاپێویی**: بە مانای کۆکردنەوەی داتا دێت کە پشت بە کۆمەڵێك پرسیار دەبەستێت، لەڕێگەی وەڵامی پرسیارەکانەوە زانیارییەکان دەست دەکەوێت. توێژەر فۆڕمی ڕاپێویی بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردن و کۆکردنەوەی زانیاریی، فۆڕمەکە لە (3) تەوەر و (33) پرس پێکهاتووە.

**چاوپێکەوتن**: بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی سەبارەت بە مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند لایەنێکی پەیوەندیدار ئەنجامدراوە، ئەو زانیارییانەی لەڕێگەی ئەم چاوپێکەوتنانەوە بەدەستهاتووە، سوودیان لێوەرگیراوە بۆ بەشی تیۆری توێژینەوەکە.

**دروستی و جێگیری توێژینەوەکە**

**دروستی:**

دروستی ڕاپێوینامە: بۆ دڵنیابوون لە ڕێژەی دروستی پرسەکانی ئامرازی ڕاپێوینامە وەك ئامرازی ئەنجامدانی لایەنی کردەنی توێژینەوەکە، فۆڕمی ڕاپێوینامەکە ئاراستەی پێنج پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن کراوە*. فۆڕمەکە پێکهاتبوو لە (3) تەوەر و (33)

sjh@univsul.edu.iq

پرس، تەوەرکان بریتی بوون لە (زانیاریی تایبەت بە بەرتوێژان، بەرکەوتنی مامۆستایان بە ئامرازەکانی میدیای نوێ، پێکهاتنی ڕایگشتی سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە)، پاش هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکە بە سوود وەرگرتن لە سەرنج و تێبینییەکان، لە ئەنجامدا لە ڕێگەی هاوکێشەی (هۆڵستی)یەوە دەرکەوت ڕێژەی دروستی پرسەکانی ڕاپێوینامەکە بریتییە لە (93.93%) ئەوەش ڕێژەیەکی زانستی گونجاوە بۆ پەسەندکردنی فۆڕمەکە. ***ناوی هەڵسەنگێنەران بەپێی پلەبەندی پلەی زانستییان:**

1_ پ.د. عمر ئەحمەد رمضان، بەشی ڕاگەیاندن کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی.

2_ پ.ی.د. شوان ئادەم ئەیڤەس، بەشی تەکنیکی میدیا کۆلێژی تەکنیکی کارگێریی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

3_ پ.ی.د. هەتاو حەمەصاڵح حسێن، بەشی ڕاگەیاندن کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی هەڵەبجە.

4_ پ.ی.د. کاروان عبدالله محمد، بەشی ڕاگەیاندن کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی.

5_ پ.ی.د. بەناز حەمەرشید حسن، بەشی ڕاگەیاندن کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی.

**جێگیریی:**

بۆ زانین و دڵنیابوون لە رادەی جێگیری برگەکانی فۆڕمەکە، توێژەر هاوکێشەی (الفا کرونباخ)ی بەکارهێناوە، کە بەهاکەی بریتیە لە (0.71) وەك لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو ئەمەش بەهایەکی بەرزی رادەی جێگیریی بۆ ئەنجامی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپێویی نیشاندەدات.

| **ئاماری جێگیری توێژینەوە** | |
|---|---|
| ژمارەی برگەکان | Cronbach's Alpha یەکەی ئەلفای تاقیکردنەوەی کرۆنباخ |
| 14 | **0.71** |

**کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی کە لە (20875) مامۆستا پێکهاتوون، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییەلە (404) مامۆستا کە بەشێوەی سامپڵی هەڕەمەکی سادە وەرگیراوە بۆ ئەوەی هەموو مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی ئەوانەی کە ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنن هەلی ئەوەیان هەبێت ببن بە سامپڵی توێژینەوەکە.

**بوارەکانی توێژینەوەکە**

بواری مرۆیی: خۆی لە مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی دەبینێتەوە کە ژمارەیان (404) کەسە و بەشدارییان کردووە لە وەڵامدانەوەی فۆڕمی ڕاپێوییەکەدا.

بواری کات: ئەو ماوەیە کە لایەنە مەیدانییەکەی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە کە بریتییەلە (8ی2ی 2025 تا 1ی 3ی 2025) لە ماوەی نزیکەی مانگێکدا بووە.

بواری شوێن: سنووری شوێنی توێژینەوەکە، بریتییە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی بە هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە لە شاری سلێمانی.

**ناساندنی چەمک و زاراوەکان**

میدیای نوێ: مەبەستمان لەو ئامرازانەی میدیای نوێیە وەك (ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی و سایتە هەواڵییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تویتەرو فەیسبووك و هتد) کە لەلایەن مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانییەوە بەکاردەهێنرێن و کارلێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا دەکەن.

ڕایگشتی: مەبەستمان لە بۆچوونی مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانییە سەبارەت بە بابەتی دواکەوتنی مووچە کە بووەتە هۆی پێکهاتنی ڕایگشتیی لەسەر ئەو بابەتە.

مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی: مەبەستمان لەو مامۆستایانەیە کە لە سنووری پەروەردەی ناوەندی شاری سلێمانیدان و لە ئەرکەکانیان بەردەوامن.

دواکەوتنی مووچە: لە ماوەی ساڵانی 2014 بۆ 2024 لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر بە کەمی مانگانە لە کاتی خۆیدا مووچە دابەشکراوە، زۆربەی کات دابەشکردنی مووچە لە کاتی خۆی دواکەوتووە، ئەمە جگەلەوەی ساڵ هەبووە لە 12 مانگەکە تەنیا پێنج مووچەی تێدا دابەشکراوە.

**بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە**

**ناساندنی میدیای نوێ**

چەمکی میدیای نوێ هەڵگری چەندین پێناسەی جۆراوجۆر و خویندنەوە و تێگەیشتنی جیاوازە و پێناسەکانیش بەردەوام لە گۆڕانکاریدان. دوو ئاڕاستەی سەرەکی لە پێناسەکردنی میدیای نوێدا هەیە، یەکێکیان ناساندنی میدیای نوێ پەیوەست دەکات بە کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیاوە کە ئەمەیان یەکانگیر دەبێتەوە لە تێگەیشتنی زانای بواری کۆمۆنیکەیشن مارشاڵ ماکلۆهان کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئامرازی ڕاگەیاندن وەك چەقی میدیا تەماشا دەکات و پێیوایە ئەوە ئامرازە کاریگەرییی دروستدەکات نەك پەیام و پێیوایە تەکنەلۆژیا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ژیانی مرۆڤدا بەتایبەت کاتێك وەك میدیای نوێ خۆی بەرجەستە دەکات. ئاڕاستەی دووەمیش وەك میدیا پێناسەی دەکات لەگەڵ کەمێك گۆڕانکاری بە تایبەت لە ڕۆڵی وەرگر بە بەراورد بە میدیای کۆن. هەر هۆکارێکی ڕاگەیاندن سوود لە کۆمپیوتەر و هێڵەکانی ئینتەرنێت ببینیت و بەرهەمێکی میدیایی بەرهەم بهێنیت ئەوە میدیای نوێیە (ئەحمەد و احمد، 2021، ل. 48). میدیای نوێ هەموو جۆرە میدیایەك دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی دیجیتاڵی پێشکەش دەکرێن و کارلێك لەگەڵ وەرگر دروست دەکات و ڕێگا بەتاکەکان دەدات ئامرازە تەکنیکییەکانی بنچینەیی ئینتەرنێت بەکاربهێنن بۆ دروستکردن و هاوبەشکردنی ناوەڕۆک و پەیامەکانی میدیا (Kayode, 2018 , P.29 ).

یاخود میدیای نوێ بریتییە لە شێوازی نوێی گەیاندنی بابەت و زانیارییەکان بەشێوەی (دەق و وێنە و ڤیدیۆ) لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت و بە تەکنیک و شێوازی نوێ و بەهۆی ئامێرە زیرەکاکانی وەکوو: (تابلێت، مۆبایلی زیرەک، لاپتۆپ...)، کە توانیویەتی هەموو جیهان بەیەکەوە ببەستێتەوە (عواد, 2012, ص.37).

ئامرازەکانی میدیای نوێ

گرنگترین ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن بریتین لە:-

sjh@univsul.edu.iq

1_ فەیسبووك: وێبسایتێکی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتییە دەتوانرێت بەخۆڕایی بەشداری تێدا بکرێت و بەکارهێنەران دەتوانن بەکارهێنەری دیکە زیاد بکەن بۆ لیستی هاوڕێیەتی خۆیان هەروەها دەشتوانن نامەی تایبەتیی بۆ یەکتری بنێرن (الرعود، 2012، ص.43). 2_ تویتەر (X): یەکێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان لە جیهاندا، لە ساڵی 2006 لە ئەمریکا لەلایەن کۆمپانیای (ئۆبڤیوس) داهێنرا (حەمەسەعید، 2020، ل.81). لە ڕۆژی 2023/7/24 ەوە "ئیلۆن ماسك" ملیاردرێری ئەمریکی و خاوەنی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، ناوی تویتەری گۆڕی بۆ (X)، چونکە ئێستا دەتوانرێت ڤیدیۆی چەند کاتژمێری تێدا بڵاوبکرێتەوە" (ڕووداو،2024/11/17). 3_ بلۆگ: لاپەڕەیەکی کەسییە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕا و بابەتی زانستی بەکاردەهێنرێت، یەکەم کەس بلۆگی بەکارهێنا (Journ Barger) بوو لە دیسێمبەری 1997 (مستەفا، 2024، ص.161). 4_ ویکی: وێبسایتێکی کراوەیە، هەموو کەسێك دەتوانێت ناوەڕۆکەکەی ببینێت و لەبەری بگرێتەوە و دەستکاریی بکات. هەموو جۆرە زانیاری و بابەتی هەمەچەشنی تێدا بڵاودەکرێتەوە (مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ص.161). 5_ یانە یان بۆردی نامە: ئەو وێبسایتانەن کە ئەندامەکانی گرنگیپێدان و ئارەزوو یاخود پسپۆڕی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە و ئەو ناوەڕۆکانە بڵاودەکەنەوە کە خواستی هاوبەشی لەسەرە (کاکەشێخ، 2015، ل. 25). 6_ سناپ چات: ئەپێکی ناردنی نامە و بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆیە، لە ساڵی 2011 دەرکەوت کە لە سەرەتادا تەنها بۆ ناردنی وێنە بوو، دواتر لە ساڵی 2013 پەرەی سەند و خزمەتگوزاری دەستکاری وێنە و زیاد کردنی فلتەر و بڵاوکردنەوەی ستۆری و چەندانی تری بۆ زیادکرا (حسێن و عەلی، 2024، ص 414). 7_ یوتیوب: گەورەترین ئەرشیفی ڤیدیۆیی جیهانە لە ساڵی 2005 لەلایەن سێ قوتابی (ئایتی)یەوە داهێنرا، کە دووانیان لە هندستان و ئەویدیکەشیان لە ئەمریکا بوو (ئیروانی، 2020، ل26). 8_ ئینستاگرام: خزمەتگوزاریی وێنە و ڤیدیۆ ناردن لەخۆدەگرێت و لە ساڵی 2010 دا دامەزراوە، لە ساڵی 2012 فەیسبووك بەبڕی یەك ملیار دۆلار کڕیویەتییەوە، ڕۆژانە ملیۆنان کەس بەکاریدەهێنن (حەمەسەعید، 2020، ل. 82). 9_ واتساپ: ئەپێکی چاتکردنە یاخود خزمەتگوزارییەکی ئۆنلاینی دەنگ و ڕەنگ و نامەیە لەلایەن فەیسبووکەوە ئیدارە دەدرێت، لە ساڵی 2014 لەلایەن واتساپ ئین دانرا (ئیروانی, سەرچاوەی پێشوو, ل.27 -28).

10_ ڤایبەر: تۆرێکی کۆمەڵایەتی ناسراوی جیهانییە لەسەر کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان کاردەکات و لەلایەن (Marco Talmon) لە ساڵی 2010 ەوە دامەزراوە (مەولود، 2020 ، ل. 32). 11_ تیك تۆك: یەکێکە لە دیارترین پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگی پێدەدەن بەوپێیەی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکان گونجاوە (محمد و حمەسعید، 2023، ل. 186). 12_ تێلیگرام: ئەپڵیکەیشنێکە ئاسان و خێرا و پارێزراوە، بۆ وەرگرتن و ناردنی بابەتەکانی وەك (تێکست، وێنە، ڤیدیۆ، نامەی دەنگی) و پەیوەندیکردن لەنێوان دوو کەس یان لایەن بەکاردێت. 13_ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان: کۆمەڵێـك لاپـەرەی بەیەکـەوە بەسـتـراون لـەنـاو تـۆری ئینتەرنێتـدا دەربـارەی بابەتێکـی دیاریکـراو (عەبدوڵا و حەسەن، 2022، ل. 51).

## پێکهاتنی ڕایگشتی

بۆ پێکهاتنی ڕایگشتی لە ژینگەیەکدا، دەبێت بابەتێك هەبێت کە جێگەی سەرنجی کۆمەڵێك خەڵك بێت تاکو ڕای خۆیانی لەسەر دەرببڕن، ئەو بابەتەش پێویستە بەلای زۆرینەوە جێگەی گرنگی پێدان بێت. زۆرجار ئەو بابەتەی کە دەبێتە مایەی پێکهاتنی ڕایگشتی بە چەند قۆناغێك تێپەڕدەبێت، هەندێکجاریش بەشێوەی لە ناکاو دەردەکەوێت. ڕاگەیاندنەکان و حزب و سەندیکاکان سەرچاوەی

sjh@univsul.edu.iq

سەرەکین بۆ وروژاندانی بابەتی پێکهێنەری ڕایگشتی، پاش ئەوەی خەڵك لە ناوەڕۆکی بابەتەکە گەیشتن، قۆناغی هەڵوێست وەرگرتن و کاردانەوە دێت، ئەم قۆناغەش لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا هەڵوێستەکان ئاشکران، بەڵام لە وڵاتە تۆتالیتارییەکاندا شاراوە و نهێنین. باشترین شێوازی دەربڕینی ڕایگشتی بریتییە لە ڕێپێوان و خۆپیشاندان و مانگرتنی گشتی کە دوور لە توندوتیژی و ئاژاوە بەڕێوەدەچێت (سامي، 2001، ص.22). خۆپیشاندان و ناڕەزایی و بایکۆتی خوێندن و مانگرتن لەلایەن مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی لە ساڵی 2015 موە تا سەرەتای 2025 بەهۆی دابەشنەکردن و دواکەوتنی مووچە، باشترین شێوازی دەربڕینی ڕایگشتییە.

هۆکارەکانی دروستبوونی ڕایگشتی گەلێکن کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

1_ ئایین: ئاین بیروباوەڕێکی دیاریکراوە باوەڕداران پابەنددەبن پێیەوە، بچوکترین تانە و تەشەر لەو بیروباوەڕو پیرۆزییانە دەبێتە هۆکاری وروژاندن و دروستکردنی ڕایگشتی باوەڕداران (مەجید, 2017، ل. 22).

2_ دابونەریت: گەلان بە دابونەریت و بەها باڵاکانیان دەناسرێنەوە، ئەم دابونەریتانە کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر داڕشتن و پێکهێنانی ڕایگشتی هەیە (مەحمود، 2009، ل. 228).

3_ ژینگەی سروشتی: یەکێکە لە هۆکارەکانی پێکهاتنی ڕایگشتی و کاریگەرییەکی زۆر بایەخداری لەسەر کۆمەڵگا هەیە، ژینگە کاریگەری لەسەر جۆری کەسایەتی و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان هەیە (مەجید, سەرچاوەی پێشوو، ل. 26).

4_ سەرکردەکان: سەرکردەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگرێتەوە و ڕۆڵی گرنگیان لە خوڵقاندنی ڕایگشتی هەیە (فیاض، 2008، ل. 24).

5_ مەعریفە: واتە توێکاریکردن و شیکردنەوەی دیاردەکان و بەرهەمی قوڵبوونەوەیە لە دیاردەکان، هەتا دیاردەکان باشتر بناسین و لێیان تێبگەین، باشتر رامان دەبێت و ڕایگشتی دروست دەبێت (مەجید, سەرچاوەی پێشوو، ل. 26).

6_ ڕاگەیاندن: بەهۆی ئەوەی زانیاریی لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و بڕیارە سیاسییەکان بڵاودەکاتەوە و ڕوونکردنەوەیان لەسەر دەدات لەو ڕێگەیەوە کاریگەریی لەسەر تاکەکان جێدەهێڵێت و هۆکارە بۆ دروستبوونی ڕایگشتی (گورون، 2006، ل. 68).

7_ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی: ناوەندەکانی فێرکردن زانیاریی دەدەنە مرۆڤ و بەشدار دەبن لە پێکهاتنی ڕایگشتی، ئەویش لەڕێگەی کاریگەریی دانان لەسەر ڕەفتاری تاکەکان، کە هۆکارە بۆ پێکهێنانی ڕا و بۆچوونەکان (ڕۆستی، 2009، ل.50).

**میدیای نوێ وەك یەکێك لە پێکهێنەرەکانی پێکهاتنی ڕایگشتی**

ڕاگەیاندن لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا دەگاتە سەردەمی میدیای نوێ، کاریگەری هەبووە لەسەر ڕایگشتی، لەڕێگای ئەم چوار دەروازەیەشەوە کاریگەری دادەنێت لەسەر ڕایگشتی:-

1_ دامەزراندنی ڕایگشتی: ئەم جۆرەی کاریگەری کاتێك ڕوودەدات، کە بابەتێکی نوێ لەناو کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات و تاکەکانی کۆمەڵگە زانیارییان لەسەری نییە. لەم کاتەدا دەرفەت دەڕەخسێت بۆ ڕاگەیاندن، ڕایگشتی دابمەزرێنێت بەو جۆرەی کە سیاسەتی کەناڵەکە دەیخوازێت.

2_ گۆڕینی ڕایگشتی: مەبەست لەم جۆرەی کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر ڕایگشتی ئەوەیە، تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان زانیارییان هەیە لەسەر دیاردەکان و (ڕا)یان لەسەر دیاردەکان بۆ دروستبووە. ڕاگەیاندن هەوڵدەدات کاریگەری لەسەر ڕایگشتییەکە دروست

بکات بەدوو شێواز: أ_گۆڕینی سەرتاپای ئەو رایگشتییەی کە هەیە لە بنەڕەتەوە و دروستکردنەوەی رایگشتی نوێ لەجێگای، ئەمەش لەڕێگای بەکارهێنانی سەرکردەی ڕا، هەڵمەتی راگەیاندن و نموونە هێنانەوەوە. ب_ گۆڕینی بەشێك و چاکسازیکردن لە رایگشتییەکەدا، واتە راگەیاندن کار لەسەر ئەو بەشەی دەکات کەخۆی بەباشی نازانێت و هەوڵدەدات بیگۆڕێت.

3_ پشتیوانیکردنی ڕایگشتی: کاتێك ڕایگشتی لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە دروست دەبێت، ڕاستەوخۆ لەلایەن راگەیاندنەکانەوە روماڵدەکرێت و پشتیوانی لێ دەکرێت.

4_ رێکوپێککردنی رایگشتی: کاتێك لەبارەی بابەتێکەوە رایگشتی دروست دەبێت، بەڵام رایگشتییەکە یەکگرتوو نییەو هەر بەشێك لە هاووڵاتیان بەئاراستەیەك قسەی لەسەر دەکەن، لەم کاتەدا میدیا کاردەکات بۆ ئەوەی سەرجەم ڕاکان بەوجۆرە رێکبخات کە خۆی دەیەوێت (مەجید, سەرچاوەی پێشوو، ل. 26- 28). هەر بەهۆی کاریگەریی ئامرازەکانی میدیای نوێوە پێکهاتنی ڕایگشتی لەسەر بابەتی دواکەوتنی مووچە لەلای مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی هاتووەتە ئاراوە. ئامرازەکانی میدیا بە ئەرکی ڕێنوێنیکردن هەڵدەستن و ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پێکهێنانی بۆچوونەکان لەسەر ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە هاوڵاتییانەوە هەیە، لەو ڕێگەیەشەوە بەشداریی لە پێکهێنانی ڕایگشتی دەکەن(Roy, 2020, P.32).

مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بە ژمارە (135) لە بەرواری 2025/1/12، ژمارەی مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی (20875) مامۆستایە، کە بەسەر هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و رۆژئاوای سلێمانی دابەشبوون، بەجۆرێك ژمارەی مامۆستایانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات لە (7347) مامۆستا پێکهاتووە کە (5131) یان لە ڕەگەزی مێ و (2216) مامۆستاشیان لە ڕەگەزی نێرە. ژمارەی مامۆستایانی پەروەردەی رۆژئاواش لە (13528) مامۆستا پێکهاتووە کە (9953) یان لە ڕەگەزی مێ و (3575) مامۆستاشیان لە ڕەگەزی نێرە.

**دواکەوتنی مووچە**

دواکەوتنی مووچە بریتییە لە دابەشنەکردنی مووچە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، بۆ نمونە مووچەی مانگی یەك لە مانگی دوودا دابەشبکرێت، یان مووچەی مانگی دوو دوابخرێت بۆ مانگەکانی سێ و چوار، وەك ئەو دۆخەی کە لە ساڵی 2015 ەوە مامۆستایان و مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان تێی کەوتوون. لە ماوەی 10 ساڵدا لە ساڵی 2015 تاوەکو 2024 مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان 16 مووچەیان بەتەواوی پێنەدراوە و 44 مووچەشیان بە پاشەکەوتکراو و لێبڕین وەرگرتووە، ئەمە جگەلەوەی هەر مووچەیەکیشیان پێدرابێت لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا نەبووە و زۆر لە وادەی خۆی دواکەوتووە. (درەو میدیا، بەرواری سەردانکردن 2025/1/21).

sjh@univsul.edu.iq

**بەشی سێیەم لایەنی کردەنی توێژینەوەکە**

شیکردنەوەی خشتەکان و خستەڕووی زانیارییەکانی فۆڕمی راپرسی و دەرەنجامەکان:

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| خشتەی (1) ڕەگەزی بەرتوێژان | | | |
| مێ | 243 | %60.1 | یەکەم |
| نێر | 161 | %39.9 | دووەم |
| کۆی گشتی | 404 | 100 | |

بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی (1) ڕەگەزی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم (مێ)یە بەڕێژەی (60.1%) و دووبارەبوونەوەی (243) جار، بە پلەی دووەم (نێر)ە بەڕێژەی (39.9%) و دووبارەبوونەوەی (161) جار. ئەگەرچی زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێن، بەڵام بەگوێرەی تاقیکردنەوەی ویلکۆکسۆن کە توێژەر بۆ بەشداربووانی ئەنجامداوە بە گشتی بەرکەوتنی مامۆستایانی نێر بە ئامرازەکانی میدیای نوێ زیاترە بە بەراورد بە مامۆستایانی مێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە مێ زیاتر سەرقاڵی کاروباری ماڵ و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵە و کەمتر دەپەرژێتەسەر بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە.

| ساڵی تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| خشتەی (2) تەمەنی بەرتوێژان | | | |
| 30_21 | 10 | %2.5 | سێیەم |
| 40_31 | 99 | %24.5 | دووەم |
| سەرووی 40 ساڵ | 295 | %73 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 404 | 100 | |

بەگوێرەی ئەنجامەکان خشتەی (2) ئەو بەرتوێژانەی تەمەنیان لە سەرووی 40 ساڵەوەیە بە پلەی یەکەم دێن بە دووبارەبوونەوەی (295)جار، تەمەنەکانی نێوان (31_40) ساڵی بە دووبارەبوونەوەی (99)جار پلەی دووەم و (21-30) ساڵیش بە دووبارەبوونەوەی (10)جار بە پلەی سێیەم هاتوون. ئەمەش ئەوە دەردەخات زۆرینەی مامۆستایانی پەروەردەی سلێمانی تەمەنیان لە سەرووی 40 ساڵەوەیە و واقعی هەرێمی کوردستانیش پشتڕاستی ئەو دۆخە دەکاتەوە بەو پێیەی لە ساڵی 2012 ەوە بەڕێژەیەکی کەم مامۆستایان دامەزراون و زۆرینەی ئەوانەی کە دامەزراون لە پێش ئەو ساڵەوە بووە.

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| خشتەی (3) ئاستی خوێندنی بەرتوێژان | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دبلۆم | 162 | %40.1 | دووەم |
| بەکالۆریۆس | 223 | %55.2 | یەکەم |
| دبلۆمی باڵا | 3 | %0.7 | چوارەم |
| ماستەر | 14 | %3.5 | سێیەم |
| دکتۆرا | 2 | %0.5 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 404 | 100 | |

بەپێی ئەنجامەکانی خشەی (3) ئاستی خوێندنی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم (بەکالۆریۆس)ە بەرێژەی (55.2%)، (دبلۆم) بە پلەی دووەم بەرێژەی (40.1%) دێت، ئاستی خوێندنی ماستەر بە پلەی سێیەم دێت بەرێژەی (3.5%)، هەروەها دبلۆمی باڵا بە پلەی چوارەم دێت بەرێژەی (0.7%)، ئاستی خوێندنی دکتۆرا بەپلەی پێنجەم دێت بەرێژەی (0.5%). ئەمەش ئاستێکی گونجاوە بەو پێیەی زۆرینەی ئەوانەی خوێندنی بەکالۆریۆس تەواودەکەن ڕێژەیان زیاترە و بەو بڕوانامەیەوە دامەزراون.

| خشتەی (4) جۆری میلاکی بەرتوێژان | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری میلاک | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
| مامۆستای هەمیشەیی | 381 | %94.3 | یەکەم |
| مامۆستای گرێبەست | 22 | %5.4 | دووەم |
| مامۆستای وانەبێژ | 1 | %0.247 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 404 | 100 | |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (4) ئەو بەرتوێژانەی میلاکی هەمیشەیین بە پلەی یەکەم دێن بەرێژەی (94.3%)، ئەوانەشی بەشێوەی مامۆستای گرێبەست دامەزراون بە پلەی دووەم دێن بەرێژەی (5.4%)، ئەوانەشی کە وانەبێژن بە پلەی سێیەم دین بەرێژەی (0.247%). ئەمەش دەرخەری ئەو واقیعەیە کە لە هەرێمی کوردستان هەیە و زۆرینەی زۆری مامۆستایان هەمیشەیین، ئەوانەشیان کە وانەبێژ بوون لە ساڵی 2024 دا بە بڕیارێك کران بە گرێبەست، لەبەرئەوە ڕێژەی مامۆستایانی وانەبێژ لەئێستادا بە تەواوی کەمیکردووە بە جۆرێك کە لە سفر نزیکبووەتەوە.

| خشتەی (5) سنووری پەروەردەی بەرتوێژان | | | |
|---|---|---|---|
| سنووری پەروەردە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
| ڕۆژهەڵات | 272 | %67.3 | یەکەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕۆژئاوا | 132 | %32.7 | دووەم |
| کۆی گشتی | 404 | 100 | |

ئەنجامەکانی خشتەی (5) دەریدەخەن ئەو بەرتوێژانەی کە لە سنووری پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانین بە پلەی یەکەم دێن بەڕێژەی (67.3%)، ئەو بەرتوێژانەشی کە لە سنووری پەروەردەی ڕۆژئاوان بە پلەی دووەم دێن بەڕێژەی (32.7%). ئەمەش پەیوەندیی بە وەڵامی بەرتوێژانەوە هەیە و وەڵامی فۆڕمی ڕاپێویی توێژینەوەکە زیاتر لەلایەن ئەو مامۆستایانەوە دراوەتەوە کە سەر بە سنووری پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانین.

خشتەی (6) بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەلایەن بەرتوێژانەوە *

| پلاتفۆڕم | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| فەیسبووك | 368 | %32 | یەکەم |
| تویتەر (X) | 10 | %0.8 | دەیەم |
| ئینستاگرام | 184 | %16 | دووەم |
| یوتیوب | 107 | %9.2 | پێنجەم |
| سناپچات | 79 | %6.8 | حەوتەم |
| تێلیگرام | 127 | %11 | چوارەم |
| تیکتۆك | 95 | %8.2 | شەشەم |
| واتسئاپ | 136 | %11.8 | سێیەم |
| پێگە ئەلکترۆنییەکان | 28 | %2.4 | هەشتەم |
| هیتر | 17 | %1.4 | نۆیەم |
| کۆی گشتی | 1151 | %100 | |

* بۆ ئەم پرسیارە بەرتوێژان زیاتر لە بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە

خشتەی (6) تایبەتە بە بەکارهێنانی جۆری ئامرازەکانی میدیای نوێ و بەپێی ئەنجامەکانی بەکارهێنەری فەیسبووك بەڕێژەی (32%)و دووبارەبوونەوەی (368) جار بە پلەی یەکەم دێت، ئینستاگرام بەڕێژەی (16%) و دووبارەبوونەوەی (184) جار بە پلەی دووەم دێت، واتسئاپ بەڕێژەی (11.8%) و دووبارەبوونەوەی (136) جار بە پلەی سێیەم دێت. تێلیگرام بەڕێژەی (11%) و دووبارەبوونەوەی (127) جار بە پلەی چوارەم دێت. یوتیوب بەڕێژەی (9.2%) و دووبارەبوونەوەی (107) جار بە پلەی پێنجەم دێت. تیکتۆك بەڕێژەی (8.2%) و دووبارەبوونەوەی (95) جار بە پلەی شەشەم دێت. سناپچات بەڕێژەی (6.8%) و دووبارەبوونەوەی (79) جار بە پلەی حەوتەم دێت. پێگە ئەلکترۆنییەکان بەڕێژەی (2.4%) و دووبارەبوونەوەی (28) جار بە پلەی هەشتەم دێت. هەروەها پلاتفۆڕمەکانی هیتر کە لەلایەن بەرتوێژانەوە بەکارهێنراوە بەڕێژەی (1.4%) و دووبارەبوونەوەی (17)

جار بە پلەی نۆیەم دێت. تویتەر (X) بەڕێژەی (0.8%) و دووبارەبوونەوەی (10) جار بە پلەی دەیەم دێت. بۆیە دەتوانین بڵێین فەیسبووك بەربڵاوترین پلاتفۆڕمی سۆشیال میدیایە لە هەرێمی کوردستان لەناو مامۆستایان، نەك ئەم توێژینەوەیە پێشتریش چەندین توێژینەوەی تر گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامە، ئەمەش بۆ بەربڵاوی و ئاسانی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە.

| خشتەی (7) هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەلایەن بەرتوێژانەوە * | | | |
|---|---|---|---|
| دەستەواژە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
| بۆ ئاگاردابوون لە هەواڵی ڕۆژ | 358 | %29 | یەکەم |
| بۆ وەرگرتنی زانیاریی | 313 | %25.3 | دووەم |
| بۆ پەیوەندیکردن | 287 | %23.2 | سێیەم |
| بۆ کاتبەسەربردن | 97 | %8 | چوارەم |
| بۆ بازاڕکردنی ئۆنلاین | 41 | %3.3 | حەوتەم |
| بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە و زانیاری | 46 | %3.7 | شەشەم |
| بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچون لەگەڵ کەسانیتر | 93 | %7.5 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 1235 | 100 | |
| * بۆ ئەم پرسیارە بەرتوێژان زیاتر لە بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە | | | |

خشتەی (7) تایبەتە بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ و بەگوێرەی ئەنجامەکانی بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (29%) بەرتوێژان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ (بۆ ئاگاردابوون لە هەواڵی ڕۆژ) بەکاریدەهێنن، بە پلەی دووەم و بەڕێژەی (25.3%) یش (بۆ وەرگرتنی زانیاریی) بەکاریدەهێنن. بە پلەی سێیەم و بەڕێژەی (23.2%)یش (بۆ پەیوەندیکردن) بەکاریدەهێنن. هەروەها بەرتوێژان بە پلەی چوارەم و بەڕێژەی (8%) (بۆ کاتبەسەربردن) ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردێنن. (بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچون لەگەڵ کەسانیتر)یش بەرتوێژان بە پلەی پێنجەم و بەڕێژەی (7.5%) بەکاریدەهێنن. بە پلەی شەشەمیش بەرتوێژان بەڕێژەی (3.7%) (بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە و زانیاری) و بە پلەی حەوتەم و بەڕێژەی (3.3%) یش (بۆ بازاڕکردنی ئۆنلاین) میدیای نوێ بەکاریدەهێنن.

خشتەی (8) کام ژانری ڕۆژنامەوانی زۆرترین کاریگەریی لەسەرت هەبووە؟ *

| دەستەواژە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| هەواڵ | 263 | %35.3 | یەکەم |
| ڕاپۆرت | 87 | %11.7 | چوارەم |
| چاوپێکەوتن | 84 | %11.3 | پێنجەم |
| وێنە و ڤیدیۆ | 220 | %29.5 | دووەم |
| وتار | 90 | %12 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 744 | 100 | |

* بۆ ئەم پرسیارە بەرتوێژان زیاتر لە بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە

خشتەی (8) تایبەتە بە کاریگەریی ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و بەگوێرەی ئەنجامەکان ژانری هەواڵ بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (35.3%) و دووبارەبوونەوەی (263) جار زۆرترین کاریگەریی لەسەر بەرتوێژان هەبووە، وێنە و ڤیدیۆ بە پلەی دووەم و بەڕێژەی (29.5%) و دووبارەبوونەوەی (220) جار و وتار بە پلەی سێیەم و بەڕێژەی (12%) و دووبارەبوونەوەی (90) جار زۆرترین کاریگەریبیان لەسەر بەرتوێژان هەبووە. هەروەها ڕاپۆرت بە پلەی چوارەم و بەڕێژەی (11.7%) و دووبارەبوونەوەی (87) جار و چاوپێکەوتن بە پلەی پێنجەم و بەڕێژەی (11.3%) و دووبارەبوونەوەی (84) جار زۆرترین کاریگەرییان لەسەر بەرتوێژان هەبووە. ئەم خشتەیەش دەریدەخات هەواڵ وەك یەکێك لە ژانرە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەوانی زۆرترین کاریگەریی لەسەر بەرتوێژان هەبووە لەبەرئەوەی زۆرترین زانیاریی و بە خێراترین شێوە دەگەیەنێتە وەرگرانی.

خشتەی ژمارە (9) بەرکەوتنی مامۆستایان بە ئامرازەکانی میدیای نوێ و پێکهاتنی ڕایگشتی سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە

| بڕگە | زۆر زۆر | | زۆر | | تارادەیەك | | کەم | | زۆر کەم | | لادانی پێوانەیی | ناوەندە ژمێرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| 1 تا چ ڕادەیەك بەرکەوتنت بە ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە؟ | 44 | 10.9 % | 119 | 29.5 % | 202 | %50 | 26 | %6.4 | 12 | %3.2 | 1.14 | 0.87 |
| 2 تا چەند متمانەت بە هەواڵ و زانیاری نێو ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە لەبارەی پرسی دواکەوتنی مووچە؟ | 9 | 2.2 % | 39 | %9.7 | 222 | %55 | 90 | 22.3 % | 44 | 10.9 | 1.70 | 1.36 |
| 3 تاچەند ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ بڕیاردان | 58 | 14.4 | 135 | 33.4 | 152 | 37.6 | 37 | %9.2 | 22 | %5.4 | 1.25 | 1.16 |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| له هەڵویست وەرگرتن سەبارەت بە پرسی مووچە؟ | | % | | % | | % | | | | | | |
| 4 تاچەند ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون له پێکهاتنی رایگشتی مامۆستایان سەبارەت بە پرسی مووچە؟ | 59 | 14.6 % | 166 | 41.1 % | 140 | 34.7 % | 32 | %7.9 | 7 | %1.7 | 1.13 | 1.07 |
| 5 ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ دروستبوونی رای هاوبەش لەگەڵ هاوکارەکانت سەبارەت بە پرسی مووچە؟ | 40 | 9.9 % | 132 | 32.7 % | 168 | 41.6 % | 49 | 12.1 % | 15 | %3.7 | 1.32 | 1.12 |
| 6 تاچەند ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ ئەوەی بەشداربیت لە دەربرینی نارەزایی و خۆپیشاندان؟ | 46 | 11.4 % | 138 | 34.2 % | 135 | 33.4 % | 45 | 11.1 % | 40 | %9.9 | 1.32 | 1.31 |
| 7 تا چەند هەواڵ و زانیاری نێو ئامرازەکانی میدیای نوێ هەوڵی بەلارێدابردنی رایگشتی مامۆستایانی داوە لە پرسی دواکەوتنی مووچەدا؟ | 39 | 9.7 % | 115 | 28.5 % | 184 | 45.5 % | 55 | 13.6 % | 11 | %2.7 | 1.37 | 1.10 |
| 8 تاچەند ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆرینی راو بۆچوونت سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە؟ | 20 | %5 | 96 | 23.8 % | 166 | 41.1 % | 77 | 19.1 % | 45 | 11.1 % | 1.56 | 1.43 |
| 9 ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان هەبووە لەسەر بریاری درێژەدان بە بایکۆتی خوێندن. | 73 | 18.1 % | 158 | 39.1 % | 107 | 26.5 % | 30 | %7.4 | 36 | %8.9 | 1.17 | 1.31 |
| 10 تا چەند بایەخدانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بە پرسی مووچە کاریگەریی لەسەر را و بۆچوونت هەبووە؟ | 20 | %5 | 90 | 22.3 % | 189 | 46.8 % | 81 | %20 | 24 | %5.9 | 1.57 | 1.30 |

1_ لە برگەی (1) خشتەی (9) دا دەردەکەوێت، زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوەکە بەرێژەی (50%) و بە پلەی یەکەم و دووبارەبوونەوەی (202) جار وەڵامی تارادەیەکیان هەڵبژاردووە سەبارەت بەوەی تا چ رادەیەك بەرکەوتنت بە ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە؟ لەکاتێکدا ئەوانەی زۆر زۆر یاخود زۆر بەرکەوتنیان لەگەڵ ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە بە پلەی دووەم دێن بەرێژەی (40.4%)، ئەوانەشی کەم یاخود زۆر کەم بەرکەوتنیان لەگەڵ ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە بەرێژەی (9.6%) بە پلەی سێیەم دێن، ناوەندە ژمێرەییەکەی (0.87) ە بە لادانی پێوانەیی (1.14).

لە ئەنجامی ئەو ژمارانەدا دەردەکەوێت زۆرینەی بەشداربووان بەڕێژەیەکی زۆر بەرکەوتنیان لەگەڵ ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە و رۆژانە بەکاریدەهێنن.

2_ لە برگەی (2) خشتەی (9) دا دەردەکەوێت، بە پلەی یەکەم بەشداربووانی توێژینەوەکە بەڕێژەی (55%) و دووبارەبوونەوەی (222) جار وەڵامی تاڕادەیەکیان هەڵبژاردووە سەبارەت بەوەی تا چەند متمانەت بە هەواڵ و زانیاری نێو ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە لەبارەی پرسی دواکەوتنی مووچە؟ لەکاتێکدا ئەوانەی کەم یاخود زۆر کەم متمانەیان بە هەواڵ و زانیاری نێو ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە لەبارەی پرسی دواکەوتنی مووچە بە پلەی دووەم دێن بەڕێژەی (33.2%)، ئەوانەشی کە زۆر زۆر یاخود زۆر متمانەیان بە هەواڵ و زانیاری نێو ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە بەڕێژەی (11.9%) بە پلەی سێیەم دێن، ناوەندە ژمێرەییەکەی (1.36) ە بە لادانی پێوانەیی (1.70).

بە سەرنجدان لە ژمارەکانی سەرەوە دەردەکەوێت بەشداربووان کەمتر متمانەیان بە هەواڵ و زانیاری نێو ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە لەبارەی پرسی دواکەوتنی مووچە، ئەوەش بەشێکی زۆری پەیوەندی بەو پەیج و ئەکاونتانەوە هەیە کە بە لێشاو زانیاریی دەخەنەڕوو، بێئەوەی لێکۆڵینەوەی ورد لە ڕاستی و دروستی بکەن زانیارییەکان بڵاویدەکەنەوە.

3_ لە برگەی (3) خشتەی (9) دا دەردەکەوێت، ئەوانەی زۆر زۆر یاخود زۆر لەگەڵ ئەوەن کە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ بڕیاردان لە هەڵوێست وەرگرتنیان سەبارەت بە پرسی مووچە بەڕێژەی (47.8%) بە پلەی یەکەم دێن، ئەوانەی کە تاڕادەیەك پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ بڕیاردان لە هەڵوێست وەرگرتنیان سەبارەت بە پرسی مووچە بەڕێژەی (37.6%) بە پلەی دووەم دێن. هەروەها ئەوانەی کە کەم یاخود زۆر کەم پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ بڕیاردان لە هەڵوێست وەرگرتنیان سەبارەت بە پرسی مووچە بەڕێژەی (14.6%) بە پلەی سێیەم هاتوون. ناوەندە ژمێرەییەکەی (1.16) یە بە لادانی پێوانەیی (1.25).

بە سەرنجدان لەم برگەیەش زۆرینەی بەشداربووان پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ بڕیاردان لە هەڵوێست وەرگرتنیان سەبارەت بە پرسی مووچە، هەربۆیە مامۆستایان بەردەوام دژی دواکەوتنی مووچە هەڵوێستیان وەردەگرت و خۆپیشاندان و ناڕەزاییان ئەنجام دەدا.

4_ لە برگەی (4) خشتەی (9) دا دەردەکەوێت، ئەوانەی زۆر زۆر یاخود زۆر لەگەڵ ئەوەن کە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون لە پێکهاتنی ڕایگشتی مامۆستایان سەبارەت بە پرسی مووچە بەڕێژەی (55.7%) بە پلەی یەکەم دێن. ئەوانەی تاڕادەیەك پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون لە پێکهاتنی ڕایگشتی مامۆستایان سەبارەت بە پرسی مووچە بەڕێژەی (34.7%) بە پلەی دووەم هاتوون. هەروەها ئەوانەی کەم یاخود زۆر کەم پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون لە پێکهاتنی ڕایگشتی مامۆستایان سەبارەت بە پرسی مووچە بەڕێژەی (9.6%) بە پلەی سێیەم دێن. ناوەندە ژمێرەییەکەی (1.07) ە بە لادانی پێوانەیی (1.13). ئەنجامەکانی ئەم برگەیەش دەریدەخەن زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون لە پێکهاتنی ڕایگشتی مامۆستایان سەبارەت بە پرسی مووچە، ئەمەش کاریگەریی ئەو ئامرازانە دەسەلمێنێت بۆ پێکهاتنی ڕایگشتی بەرتوێژان لەسەر پرسی دواکەوتنی مووچە.

5_ لە بڕگەی (5) خشتەی (9) دا دەردەکەوێت، ئەوانەی زۆر زۆر یاخود زۆر لەگەڵ ئەوەن کە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ دروستبوونی ڕای هاوبەش لەگەڵ هاوکارەکانیان سەبارەت بە پرسی مووچە بەڕێژەی (42.6%) بە پلەی یەکەم دێن، ئەوانەی تاڕادەیەك پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ دروستبوونی ڕای هاوبەش لەگەڵ هاوکارەکانیان سەبارەت بە پرسی مووچە بەڕێژەی (41.6%) بە پلەی دووەم دێن. هەروەها ئەو بەرتوێژانەی کەم یاخود زۆر کەم پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ دروستبوونی ڕای هاوبەش لەگەڵ هاوکارەکانیان سەبارەت بە پرسی مووچە بەڕێژەی (15.8%) بە پلەی سێیەم هاتوون. ناوەندە ژمێرەییەکەی (1.12) یە بە لادانی پێوانەیی (1.32). بە سەرنجدان لە ئەنجامەکانی بڕگەی (11) دەردەکەوێت زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ دروستبوونی ڕای هاوبەش لەگەڵ هاوکارەکانیان سەبارەت بە پرسی مووچە، واتە بەرتوێژان بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە گەیشتوون بە ڕای هاوبەش لەسەر پرسی دواکەوتنی مووچە، هەربۆیە زۆرینەیان لە بایکۆتی خوێندن و دەربڕینی ناڕەزاییەکانیان یەکهەڵوێست بوون بەمەبەستی گەڕاندنەوەی مافەکانیان و دابەشکردنی مووچە لەکاتی خۆیدا.

6_ لە بڕگەی (6) خشتەی (9) دا دەردەکەوێت، ئەوانەی زۆر زۆر یاخود زۆر لەگەڵ ئەوەن کە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ ئەوەی بەشداربن لە دەربڕینی ناڕەزایی و خۆپیشاندان بەڕێژەی (45.6%) بە پلەی یەکەم دێن، ئەوانەی تاڕادەیەك پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ ئەوەی بەشداربن لە دەربڕینی ناڕەزایی و خۆپیشاندان بەڕێژەی (33.4%) بە پلەی دووەم دێن. هەروەها ئەوانەی کەم یاخود زۆر کەم پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ ئەوەی بەشداربن لە دەربڕینی ناڕەزایی و خۆپیشاندان بەڕێژەی (21%) بە پلەی سێیەم هاتوون. ناوەندە ژمێرەییەکەی (1.31) ە بە لادانی پێوانەیی (1.32). ئەنجامەکانی ئەم بڕگەیەش دەریدەخات زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکاربوون بۆ ئەوەی بەشداربن لە دەربڕینی ناڕەزایی و خۆپیشاندان، هەربۆیە بەردەوام لەکاتی ناڕەزاییەکانیاندا لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەوە پەیوەندییان بە یەکترەوە دەکرد و یەکتریان ئاگاداردەکردەوە بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندان سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە.

7_ بەپێی ئەنجامەکانی بڕگەی (7) خشتەی (9) دەردەکەوێت، ئەوانەی تاڕادەیەك پێیانوایە هەواڵ و زانیاری نێو ئامرازەکانی میدیای نوێ هەوڵی بەلاڕێدابردنی ڕایگشتی مامۆستایانی داوە لە پرسی دواکەوتنی مووچەدا بەڕێژەی (45.5%) بە پلەی یەکەم دێن، ئەوانەی زۆر زۆر یاخود زۆر پێیانوایە هەواڵ و زانیاری نێو ئامرازەکانی میدیای نوێ هەوڵی بەلاڕێدابردنی ڕایگشتی مامۆستایانی داوە لە پرسی دواکەوتنی مووچەدا بەڕێژەی (38.2%) بە پلەی دووەم دێن. هەروەها ئەوانەی کەم یاخود زۆر کەم پێیانوایە هەواڵ و زانیاری نێو ئامرازەکانی میدیای نوێ هەوڵی بەلاڕێدابردنی ڕایگشتی مامۆستایانی داوە لە پرسی دواکەوتنی مووچەدا بەڕێژەی (16.3%) بە پلەی سێیەم هاتوون. ناوەندە ژمێرەییەکەی (1.10) یە بە لادانی پێوانەیی (1.37). بە سەرنجدان لەم بڕگەیەش دەردەکەوێت زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە هەواڵ و زانیاری نێو ئامرازەکانی میدیای نوێ هەوڵی بەلاڕێدابردنی ڕایگشتی مامۆستایانی داوە لە پرسی دواکەوتنی مووچەدا، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە زۆرێك لە ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەرێم بە مەبەستی کۆتاییهاتنی ناڕەزاییەکانی مامۆستایان هەوڵی بەلاڕێدابردنی ڕایگشتی مامۆستایانیان داوە.

8_ لە بڕگەی (8) خشتەی (9) دا دەردەکەوێت، ئەوانەی تاڕادەیەك پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆڕینی ڕاو بۆچوونیان سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە بەڕێژەی (41.1%) بە پلەی یەکەم دێن، ئەوانەی کەم یاخود زۆر کەم

پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆڕینی ڕاو بۆچوونیان سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە بەڕێژەی (30.2%) بە پلەی دووەم دێن. هەروەها ئەوانەی زۆر زۆر یاخود زۆر پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆڕینی ڕاو بۆچوونیان سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە بەڕێژەی (28.8%) بە پلەی سێیەم هاتوون. ناوەندە ژمێرەییەکەی (1.43) یە بە لادانی پێوانەیی (1.56). ئەنجامەکانی بڕگەی (13)ش دەریدەخەن ئامرازەکانی میدیای نوێ بەڕێژەی کەم کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆڕینی ڕاو بۆچوونی بەرتوێژان سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە، هەرچەندە وەڵامی زۆرینەی بەرتوێژانیش لەو ڕێژەیە دوورنین و تاڕادەیەك لەیەکەوە نزیکن. ئەمەش دەیسەلمێنێت لەگەڵئەوەی ئەو ئامرازانە گرنگ و کاریگەرن بەڵام بەهۆی رۆشنبیری و تێگەیشتووی مامۆستایانەوە ئامرازەکانی میدیای نوێ تاڕادەیەك بەڕێژەیەکی هاوسەنگ کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆڕینی ڕاو بۆچوونی بەرتوێژان سەبارەت بە پرسی دواکەوتنی مووچە.

9_ لە بڕگەی (9) خشتەی (9) دا دەردەکەوێت، ئەوانەی زۆر زۆر یاخود زۆر پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان هەبووە لەسەر بڕیاری درێژەدان بە بایکۆتی خوێندن بەڕێژەی (57.2%) بە پلەی یەکەم دێن، ئەوانەی تاڕادەیەك پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان هەبووە لەسەر بڕیاری درێژەدان بە بایکۆتی خوێندن بەڕێژەی (26.5%) بە پلەی دووەم دێن. هەروەها ئەوانەی کەم یاخود زۆر کەم پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان هەبووە لەسەر بڕیاری درێژەدان بە بایکۆتی خوێندن بەڕێژەی (16.3%) بە پلەی سێیەم هاتوون. ناوەندە ژمێرەییەکەی (1.31) ە بە لادانی پێوانەیی (1.17). ئەنجامەکانی بڕگەی (14)ش دەریدەخەن زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان هەبووە لەسەر بڕیاری درێژەدان بە بایکۆتی خوێندن. ئەمەش کاریگەریی ئەو ئامرازانە دەردەخات لەسەر ڕاو بۆچوونی مامۆستان بۆ درێژەدان بە بایکۆتی خوێندن و بەردەوام بوون لە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزاییەکانیان. لەبەرئەوە دابەشنەکردن و دواکەوتنی مووچە لە (10) ساڵی ڕابردوودا پێکهاتنی ڕایگشتیی مامۆستایانی لێکەوتووەتەوە و مامۆستایانی سنووری پەروەردەی سلێمانی زۆربەی کاتەکانیان لەو ساڵانەدا بە بایکۆتی خوێندن و دەربڕینی ناڕەزایی بەسەربردووە.

10- لە بڕگەی (10) خشتەی (9) دا دەردەکەوێت، ئەوانەی پێیانوایە تاڕادەیەك بایەخدانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بە پرسی مووچە کاریگەریی لەسەر ڕا و بۆچوونیان هەبووە بەڕێژەی (46.8%) بە پلەی یەکەم دێن. ئەوانەی زۆر زۆر یاخود زۆر لەگەڵ ئەوەن بایەخدانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بە پرسی مووچە کاریگەریی لەسەر ڕا و بۆچوونیان هەبووە بەڕێژەی (27.3%) بە پلەی دووەم دێن.

هەروەها ئەوانەی کەم یاخود زۆر کەم بایەخدانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بە پرسی مووچە کاریگەریی لەسەر ڕا و بۆچوونیان هەبووە بەڕێژەی (25.9) بە پلەی سێیەم هاتوون. ناوەندە ژمێرەییەکەی (1.30) یە بە لادانی پێوانەیی (1.57). بە سەرنجدان لە بڕگەی (9) دەردەکەوێت زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە بایەخدانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بە پرسی مووچە کاریگەریی لەسەر ڕا و بۆچوونیان هەبووە. ئەمەش پەیوەندی بە گرنگی و کاریگەریی پەیامەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ هەیە هەروەها سوود بینینی بەرتوێژان لەو ئامرازانە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕایان لەسەر پرسی دواکەوتنی مووچە.

sjh@univsul.edu.iq

**دەرئەنجام**

1_ زۆرینەی بەرتوێژان ئامرازەکانی میدیای نوێیان بە پلەی یەکەم بۆ (ئاگاردابوون لە هەواڵی ڕۆژ) بەکارهێناوە.

2_ لەناو پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و ئامرازەکانی میدیای نوێدا فەیسبووك زۆرترین کاریگەریی لەسەر بەرتوێژان هەبووە بۆ پێکهاتنی ڕایگشتی لەسەر پرسی دواکەوتنی مووچە.

3_ زۆرینەی بەرتوێژان تەنها متمانەیان بەو زانیارییانە هەبووە کە لەلایەن وتەبێژی حکومەت و ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند بە پرسی مووچە بڵاوکراونەتەوە.

4_ لەناو ئامرازەکانی میدیای نوێ و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا فەیسبووك زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە.

5_ زۆرینەی بەرتوێژان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ژانری هەواڵ.

6_ ئامرازەکانی میدیای نوێ کاریگەریی زۆری لەسەر بەرتوێژان هەبووە و هۆکاربووە لە پێکهاتنی ڕایگشتی مامۆستایان و بەردەوامیدان بە بایکۆتی خوێندن لە سلێمانی.

**ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:**

1_ توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجامبدرێت لەسەر کاریگەریی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە پێکهاتنی ڕایگشتی بە پشتبەستن بە ڕێکاریی بەراوردکاریی.

2_ ئامرازەکانی میدیای نوێ گرنگی زیاتر بەو بابەتانە بدەن کە سوودی گشتی تێدایە و دووربکەونەوە لەو بابەتانەی کە لاوازن و کاریگەریی نەرێنییان هەیە لەسەر وەرگران.

3_ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێریی زیاتر بخەسەر ئامرازەکانی میدیای نوێ تاوەکو ئەو ئامرازانە هەوڵی بەلارێدابردنی ڕایگشتی لەسەر هەر بابەتێکی دیاریکراو نەدەن.

**سەرچاوەکان**

**نامەی ماستەر و دکتۆرا بە زمانی کوردی**

1_مەولود، دڵان ئیسماعیل، 2020، بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێری گشتیدا، لە هەرێمی کوردستان (توێژینەوەیەکی وەسفی- شیکارییە، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق.

**نامەی ماستەر و دکتۆرا بە زمانی عەرەبی**

1_ (الحمود، عماد جاسم و ابراهيم، بكر محمد)، 2005، (تعرض الجمهور السعودی لبرامج السابقات الثقافية فی القنوات التلفزيونية الفضائية العربية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الملك سعود، كلية الاداب، قسم الاعلام).

2_ الرعود، عبدالله ممدوح مبارك، 2012، دور الشـــبكات التواصـــل الاجتماعي في التغيير السـياســي في تونس و مصـــر و من وجهه نظر الصـــحفيين الاردنيين. الاردن: رســالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشرق االوسط، كلية الاعلام.

**توێژینەوە و گۆڤارەکان بە زمانی کوردی**

1_ ئەحمەد، فواد عەلی و احمد، بەرهەم خالد، 2021 (ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان) گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی 1، ژمارە 8، ل. 48

2_ حسێن, فەرهەنگ چەتۆ و عەلی، ئازاد رە مەزان 2024 (کاریگە ری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پە یوە ندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا سناپ چات بە نموونە) مجلة پۆلیتکنيك للعلوم الانسانية و الاجتماعية، العدد 1، المجلد 5.

3_ عەبدوڵڵا، محەمەد، 2004، ڕۆڵی ڕۆژنامە لە دروستکردنی ڕایگشتیدا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە 2.

4_ عەبدوڵا، کرمانج رەسوڵ و حەسەن، کاروان محەمەد، 2022، (ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداریی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان) (پێگە ئەلیکرتۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بە نموونە) گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵیینەوەی ستراتیجیی، ژ.6.

5_ مستەفا, عەبدولخالق ئیبراهیم, 2024, رادەی پشتبەستنی گەنجانی شاری هەولێر بە مۆبایلی زیرەك لە بەکارهێنانیان بۆ فۆرمەکانی میدیای نوێ (توێژینەوەیەکی رووپێویە)، مجلة پۆلیتکنيك للعلوم الانسانية و الاجتماعية، العدد 1، المجلد 5، ص 161.

6_ محمد, بەشدار حسێن و حمەسعید, نەزاکەت حسێت، 2023, پشتبەستنی جەماوەر بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەیرکردنی بەرنامەکانی پەیوەست بە هۆشیاری کۆمەڵایەتی، توێژینەوەیەکی مەیدانییە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ب.27، ژ.SpB، ل. 186.

**کتێب بە زمانی کوردی:**

1_ ئیروانی, فریاد, 2020, تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەتەکێتی بەکارهێنانیان، چاپی یەکەم، (ب.ش)، چاپخانەی مێخەك.

2_ حەمەسەعید، نەزاکەت حسین، 2020، بازاڕگەری و بازاڕگەری میدیایی، چاپی یەکەم، (ب.ش)، چاپخانەی کارۆ.

3_ ڕۆستی، نەجات، 2009، *میدیای هەواڵ و ڕایگشتی*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

4_ فیاض، عامرحسن، 2008، ڕایگشتی، و.ئاکۆ فاتیح، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

5_ مەحمود، ڕێبوار کەریم، 2009، پارتە سیاسیەکان و رایگشتی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

6_ کاکەشێخ، هەردەوان مەحمود 2015 میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان (سلێمانی).

7_ گورون، قوباد ڕەسوڵ، 2006، بەشێك لە بنچینە سەرەتاییەکانی زانستی ڕۆژنامەگەریی، پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی هەڤاڵ ئەبوبەکر، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

**کتێب بە زمانی عەرەبی:**

1_ الحفنى, عبدالمنعم ، 2000، المعجم الشامل المصطلحات الفلسفيه، ط 3، القاهرة.

2_ سامي، عبد المنعم، 2001، الرأي العام والإشاعة، بيروت-لبنان، الدار البيضاء.

3_ عواد, محمد، 2012, مدخل الاعلام الجديد، النسخة الالكترونية.

4_ عامر, د.فتحي حسني, 2013, إستطلاعات الرأي العام علي الانترنت, ط.1 القاهرة: العربى للنشر والتوزيع.

**کۆرسی خوێندن:**

1_ مەجید, هێمن,2017، وانەی ڕایگشتی، قۆناغی سێیەم بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی.

**پێگەی ئەلکترۆنی:**

1_ پێگەی ڕووداو (https://www.rudaw24.net/articles.php?id=2319) بەرواری سەردانکردن (2024/11/17).

2_ پێگەی درەو میدیا (https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15968) بەرواری سەردانکردن 2025/1/21.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

[1] Kayode, J., & Jimoh, J, 2018, New Media Technologies And Ethical Challenges In Nigeria, Mass Communicator, P.29

[2] Roy, Ritobrata, 2020, The Mass Media & Public Opinion: Analysing Media Effects vis-àvis Public Opinion Formation, Shikshan Sanshodhan : Journal of Arts, Humanities and Social Sciences ISSN: 2581-6241 Volume - 3, Issue - 4, July-Aug – 2020, P.32.

**أثر وسائل الإعلام الجديد على تشكيل الرأي العام لدى معلمي التربية في السليمانية**

طالب الماجستير فى قسم الاعلام، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية

**ملخص**

هذا البحث بعنوان (أثر وسائل الإعلام الجديدة على تشكيل الرأي العام لدى مدرسي التربية في السليمانية تأخير الرواتب مثالاً) محاولة لمعرفة وإظهار تأثير وسائل الإعلام الجديدة على تشكيل الرأي العام لدى معلمي التربية في السليمانية وخاصة فيما يتعلق بقضية تأخير الرواتب. ومن حيث الأهمية فإن البحث سيكون ذا أهمية لعلم الإعلام.

تهدف الدراسة إلى عرض أثر وسائل الإعلام الجديدة على قضية تأخر الرواتب واستمرار المقاطعة بين معلمي التربية في السليمانية، وكذلك تشخيص نوع الإعلام المؤثر في تشكيل الرأي العام.

يعتمد البحث على المنهج الوصفي واعتماد أساليب المسح والاستمارات المسحية لإجراء الجانب الميداني. يتكون مجتمع الدراسة من معلمي التربية في محافظة السليمانية. وتكونت عينة الدراسة من (404) معلم ومعلمة تم اختيارهم بالطريقة العشوائية بحيث تتاح الفرصة لجميع معلمي ومعلمات التربية في محافظة السليمانية أن يكونوا عينة الدراسة. ومن أهم نتائج الدراسة ما يلي:

ساهمت أدوات الإعلام الجديد بشكل عام ومنصة الفيسبوك بشكل خاص في تشكيل الرأي العام لدى المعلمين تجاه قضية تأخير الرواتب. وقد تأثر معظم المعلمين برسائل وسائل الإعلام الجديد ويعتقدون أن هذه الأدوات أثرت على قرار استمرار مقاطعة التعليم في السليمانية خلال الأعوام (2015 – 2025). إن أغلب مستخدمي أدوات الإعلام الجديد في هذه الدراسة هم من الإناث، ومع ذلك، وفقًا لاختبار ويلكوكسون، فإن المعلمين الذكور أكثر تعرضًا لأدوات الإعلام الجديد من المعلمات.

الكلمات المفتاحية: وسائل الإعلام الجديد، الرأي العام، معلمو التربية في السليمانية، تأخير الرواتب

**The Impact of New Media on the Formation of Public Opinion among Education Teachers in Sulaimani**

**Master student SAMAN FARIQ HAMA KARIM**

in Department of Media College of Humanities science, University of Sulaimani,

**Assi.Pro.D. ROZA HAMA WAIS HAMA MIRZA**

in Department of Media College of Humanities science, University of Sulaimani,

sjh@univsul.edu.iq

## Abstract

This research, titled “The Influence of New Media on Public Opinion Formation Among Sulaymaniyah's education teachers: A Case Study on Salary Delays” is an attempt to investigate the role of new media in shaping public opinion among Sulaymaniyah's education teachers, particularly concerning the issue of delayed salaries.

The objectives of the study aim to examine the impact of new media on the issue of salary delays and the ongoing boycott by Sulaymaniyah's education teachers and identify which types of media have the most influence in shaping public opinion.

Methodology, The research employs a descriptive-analytical approach using field survey questionnaires. A representative sample of 404 Sulaymaniyah education teachers was selected through simple random sampling.

Key Findings, New media tools in general, and the Facebook platform in particular, have played a significant role in shaping the public opinion of teachers regarding the issue of salary delays. A majority of teachers have been influenced by messages conveyed through these tools, and they believe that these platforms have had an impact on their decision to extend the boycott of teaching in the city of Sulaymaniyah over the period from 2015 to 2025. Most users of new media tools in this study were female. However, based on the results of the Wilcoxon test, the level of engagement with new media tools was significantly higher among male teachers compared to female teachers.


**Keywords**: new media, Public Opinion, Sulaymaniyah's education teachers, Salary Delays